# گەر محمد پیدۆفیل نەبووە، ئەی چی بووە؟!



**جەمال موحسن**
jamal_muhsin@yahoo.com

لەم ماوانەی پێشوودا ووتارێکی کورتم نووسی سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەری ئیسلام (محمد) پیدۆفیل بووە. من لەوێدا باسی ووتەی کەسێکی مەسیحیم کرد لەوبارەیەوە کە کێشمەکێش و بەزمێکی لێ کەوتەوە. ئاکام مەلای مزگەوتێک لە ستۆکهۆڵم کەوتە فرێدانی فتوا و کاکی مەسیحیش دوای ماوەیەک پاشەکشەیەکی موحتەرەمانەی کرد لە ژێر ناوی ئەوەدا کە ڕاستە لە ئەوروپا گەر کەسێک لەگەڵ منداڵێکدا سێکس بکات یان خۆی بە منداڵەوە سەرمەست بکات بە منداڵباز ناو ئەبرێ و ئەدرێ بە دادگا بەڵام ئەمە لای میللەتانی ئیسلام شتێکی ئاساییە و لەو کۆمەڵگایانە زۆرن کە لەو تەمەنەدا کچ لە خۆیان مارە ئەکەن. من لێرەدا لەسەر قسەی ئەم کاڵفامەی مەسیحی تەنها ئەوەندە ئەڵێم کە ئەو تاوانە بە باڵای خەڵکی ئەو وولاتانەدا نەبڕێ کە ئیسلامی نین بەڵکو ئیسلام کوتاونی. ئەوە فەرهەنگی ئێمە ئەو وولاتانە نیە کە لە منالیەوە ئەوەمان پێوە ئەلکێنن کە موسوڵمانین (لە پێناسەکانماندا). لەم ووڵاتانەی ئەوروپا، کە بە خەباتی ئینسان بەشێک لە مافەکان بە دەست هاتوون و منالّ جێگە و ڕێگەیەکی تایبەتی هەیە، هەر کەسێک دەستدرێژییەکی لەو بابەتەی محمد بکاتە سەر منالّ بێ سێ و دوو ئەدرێتە دادگا و سزای خۆی وەرئەگرێت. چما کاکی مەسیحی بۆچی لەبەرامبەر منالێکی بێچارەی وولاتانی ڕۆژهەڵات کە بە پێی بنەماکانی ئیسلام ئەو تاوانەی لەگەڵ ئەکرێت، سانا ئەڵێت فەرهەنگی خۆیانە و خوازراوە؟! دیارە جەنابی پێی تاوان نیە بەشیکی لەبەرئەوەی ترساوە لەو هەڕەشەیەی ئیسلامیەکان و جدی وەریگرتووە و بەشێکیشی لەبەرئەوەیە پاساو بۆ ئەو جیاخوازی و ڕاسیزمە بهێنێتەوە کە لەم وولاتانە لە ژێر ناو و بەهانەی "فرەکولتوری" دا دژ بە خەڵکی "بیانی" ئەنجام ئەدرێ.

من لەمە زیاتر کارم بە لێکدانەوەی ئەو گێرمە و کێشەیە و پاشەکشەی کابرای مەسیحی نیەیە. ئەوەی جێگای سەرنج و مەبەستی ئەم نوسینەمە، چوونە نێو ئەو مەسەلەیەوەیە کە ئایا بە ڕاستی پێغەمبەر پیدۆفیل نەبووە؟ ئایا ئەوە تاوان نەبووە بەرامبەر بە عائیشە و هەر بەو پێیەش بەرامبەر بە ژنان کە ئێستاش بە پێی هەمان بنەما و شەریعەت مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکرێ؟ با بۆ ئەمە قسەیەکی عائیشە خۆی بهێنینەوە.

عائیشە ئەڵێ: پێغەمبەر پێی ووتم، (لە خەونمدا دوو جار تۆیان نیشان دام. پیاوێک تۆی لە بەرگێکی ئاوریشمیندا هەلگرتبوو وە پێی ووتم، "ئەمە ژنی تۆیە" و منیش لەسەر رووتم لادا، و بینیم تۆ بوویت. منیش بە خۆمم ووت "ئەگەر ئەو خەونە لە خوداوە بێ، ئەوا ئەیهێنێتە دی.")*

---

له زمانی عورسەوە ئەگێڕدرێتەوە کە کاتێک محمد وویستوویەتی عائیشە بهێنێ، ئەبو بەکر پێی ووتووە:"بەڵام من برای تۆم"، محمدیش ووتوویەتی:"تۆ لە کتێبی خودا و قورئاندا برامی، بەڵام شەرعیە بۆ من کە عائیشە بهێنم".**

عائیشە لەو کاتەدا تەمەنی تەنها شەش ساڵان بوو کە لە خۆی "مارە" کردووە! دواتریش بە تەمەنی نۆ ساڵانی هێناویەتی!

تەماشای ئەم تاوانە گەورەیە بکەن کە محمد بەرامبەر بە ئەو منالە بچووکە ئەمجامی داوە! گەر محمد تەنها خەیاڵی لای خاڵی کردنەوەی ئارەزووە سێکسیەکانی نەبووبێ، بۆچی ئاوها چاوی بڕیوەتە لەشی منالێک؟! بە پێی لێکدانەوە دەروونیەکانی ئەم سەردەمە گەر کەسێکی گەورەساڵ ئارەزووی سێکسی بە کەسێکی پێنج ساڵ منداڵتر لە خۆی (کە نەگەیشتبێتە 15 ساڵی) بەرزبێتەوە یان خەیاڵی پێوە بکات و تەنانەت بگات بەوەی کە ئارەزووەکەی دامرکێنێتەوە، لە باری یاسایی‌یەوە ئەبێ سزا بدرێت و پاشانیش بخریتە ژێر چاودێری دکتۆری دەروونیەوە و هەم چارەسەر بکرێت و هەمیش دوور بێت لە منداڵانەوە تا بارو دۆخی ئاسایی ئەبێتەوە. گەر ئاساییش نەبۆوە، ئەبێ هەر لەژێر چاودێریدا بمێنێ. کەم نین ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاواشدا بەو تاوانانە دەگیرێن و کە تاوانەکەیان ئەسەلمێندرێ دادگایی ئەکرێن. هەر ئێستا مایکڵ جاکسن لە تاوانێکی ئاوهاوە گلاوە و ئێستاش خەریکی لێکۆڵینەوەن. ساڵ نیيە لە کڵێساکانی ئەمریکا و کەنەدا دەرنەکەوێت کە قەشەیەک دەستدرێژی کردۆتە سەر منال و دەستگیر کراوە. ئەی گوایە گەر محمد بمایە بە پێی هەمان ئەو یاسایانە و ئەو بنەمایانە نەدەبوو بدرایە بە دادگا و سزای تاوانەکەی بەرامبەر عائیشە وەربگرێ؟! عائیشەی نەگبەت و منالان و ژنانی ئەو سەردەمە شانسیان نەبوو، وە ئینسانیەت نەگەیشتبووە ئەوەی ئەو بێمافییە بەرامبەر منال و کۆمەڵگا نەکرێت وە پێشی پێ بگیرێت.

تەنها ئەم دوو حەدیسە کوورتە بەسن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە بەو پێیەی محمد چاوی سێکسیانەی لەسەر عائیشە بووە کە لە ئاکامدا بە زۆرداریش بێ هێناویەتی، ئیتر ئەمە بە کردەوە یانی ئەو پێدۆفیل بووە. وە هەر سەردەمێک بێت ئەبێ داب و نەریتی ئەو وە تەقالید و یاسا و شەریعەتەکانی ئەو کە شەرعیەتیان بە تاوانی لەو جۆرە داوە، خۆیان بچنە قەفەسی دادگا و لێکۆڵینەووە. بەشەریەت لەوە دەرچووە کە بتوانێت چاو لەو تاوانە بپۆشێ. بەهەرحاڵ قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە و ڕەخنەیەکی لەو بابەتە لە خودی ئیسلام و کەسایەتی محمد و تاوانەکەی بڤە و تابۆ نیە. پەلامارێک کە داویەتی قابیلی قبووڵکردن نیە. گەر ئەوە ناوی پێدۆفیلیا (منالبازی) نەبێ، چ ناوێکی تر شیاوە بۆی؟!

2005/05/20

* ئەمە لەم سەرچاوە ئینگلیزیە وەرگیراوە کە حەدیسەکانی محەمەدە کە لە بوخاری سەحیحدا هەیە. من عەرەبی‌یەکەیم لەبەردەستا نەبوو بۆیە سوودم لەم ئینگلیزیە وەرگرت و خۆم کردومەتەوە بە کوردی.

http://www.shariahprogram.ca/Hadith/Sahih-Bukhari/062.sbt.html

دەقە ئینگلیزیەکەی:

*Volume 7, Book 62, Number 15:*

Narrated 'Aisha:

Allah's Apostle said (to me), "You have been shown to me twice in (my) dreams. A man was carrying you in a silken cloth and said to me, 'This is your wife.' I uncovered it; and behold, it was you. I said to myself, 'If this dream is from Allah, He will cause it to come true.' "

** هەمان سەرچاوە، دەقە ئینگلیزیەکەی:

*Volume 7, Book 62, Number 18:*

Narrated 'Ursa:

The Prophet asked Abu Bakr for 'Aisha's hand in marriage. Abu Bakr said "But I am your brother." The Prophet said, "You are my brother in Allah's religion and His Book, but she (Aisha) is lawful for me to marry."